د. مەحمود عوسمان ئەندامی پەرلەمانی عێراق بۆ گوڵان:



# حکومەتی مالکی لەقۆناخێکی سەختدایە و پێویستە کوردیش چاو بە سیاسەتی خۆیدا بخشێنێتەوە

●●●

ئەمەریکییەکانیش سەریان لێ تێکچووە و سەریشیان لە خەڵکی دیکە تێکداوە، بوش تەلەفون لەگەڵ مالکی دەکات و پشتیوانی خۆی بۆ دووبارە دەکاتەوە، بەڵام هەر هەمان ڕۆژ واتە ڕۆژی هەینی ڕابردوو، ڕۆبەرت گێتس وەزیری بەرگری ئەمەریکا دوای گەڕانەوەی لە گەشتەکەی بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لە لێدوانێکیدا بێ ئومێدی خۆی بەرامبەر حکومەتی مالکی نیشاندا، هەروەها بێ ئومێدی سەبارەت بە بارودۆخی سیاسی عێراق پیشاندا

●●●

■ د. مەحمود عوسمان کەسایەتی سیاسی و ناسراوی کورد ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقە و یەکێکە لەو پەرلەمانتارانەی بە ڕاشکاوی و ئاشکرا گۆیی دەناسرێتەوە.

بێگومان بارودۆخی سیاسی ئەمڕۆی عێراق کەوتۆتە قۆناغێك کە چارەسەر و پرۆسەی پێکهاتنەوەی نیشتمانی بۆتە کارێکی ئەستەم، هەر بۆیە لە هەڵسەنگاندن و شرۆڤەی بارودۆخەکەدا هەموو ئەگەرەکان دەرگایان لەسەر واڵا دەبێت.

بۆ هەڵسەنگاندنی ئەم بارودۆخە گوڵان ئەم هەڤپەیڤینەی لەگەڵ د. مەحمود عوسمان ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق گرێدا و ئەمە دەقی بۆچوونەکانی بەرێزیانە.■

## لە بنەڕەتدا ئەم حکومەتە حکومەتی یەکێتی نیشتمانی عێراق نەبووە

پێکەوەژیــان و پێکەوە کارکردنی نێــوان پێکهاتەی ئەتنی و نەتەوەیی جیاواز لە وڵاتێکدا پێویســتی بــە ڕێککەوتنی نێوان ئەو پێکهاتە جیاوازانەیە لەســەر بەرنامەیەکی سیاسی هاوبەش، لەم حاڵەتە ئەم پێکهاتە جیاوازانــە دەبنە فاکتەری بەهێزی ئەو حکومەتــە، بەڵام ئەم دیاردەیــە وەك دەبینرێت لە عێراقدا بوونی نییە هەر بۆیە پرۆســەی سیاسی خەریکە لەبار دەچێت دەربارەی بارودۆخی پرۆسەی سیاسی ئێستای عێراق د. مەحمود عوسمان بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو:

"هەڵسەنگاندن یان خوێندنەوە بۆ بارودۆخی پرۆسەی سیاسی عێراق، مەسەلەیەکی ئاشــکرایە، لەبەر ئەوەی هەر لە بنەڕەتەوە کــە حکومەتەکــەی د. مالکی دامەزراوە لەســەر بناغەیەکی راست دروســت نەبووە، لەم حکومەتەدا کۆمەڵێك خەڵك و لایەن کۆکراوەتەوە، بەڵام بەبێ ئەوەی ڕێککەوتنێك لە نێوانیاندا هەبێت و بەبــێ ئەوەی لێکتێگەیشــتن لە نێوانیانــدا هەبێت، هەروەها خیتابێکی سیاسی یەکگرتووشیان نییە، هەر بۆیە راستە حکومەت هەموو لایەکی لەخۆی گرتووە، بەڵام لەبەر ئەوەی ڕێککەوتن و تێگەیشتنی هاوبەش لە نێوان لایەنەکاندا بوونی نییە، بۆیە من بە هەڵەی دەزانم ناویان لێناوە کابینەی یەکێتی نیشتمانی عێراق.

بەبۆچوونــی من کاتێك ئەو کابینــە دەبێتە کابینەی وەزاری یەکێتی نیشتمانی عێراق:

١- لایەنەکان لەسەر بەرنامەیەکی هاوبەش ڕێککەون.
٢- هەموویان پێکەوە خیتابێکی سیاسی هاوبەشیان هەبێت.

بە پێچەوانەوە لەم کابینەیەی د. مالکیدا هەر لە ســەرەتاوە لە نێوان لیستی ئیئتلافی عەرەبی شیعە و بەرەی تەوافقی عەرەبی سوننە ناکۆکی هەبووە تا دەگاتە ئێستا، بەڵام ئێستا ئەم ناکۆکییە زیاد بووە و دەوڵەتانی دەوروبەریش تارادەیەك دەستیان تێ خستووە و گەیشتۆتە ئەو ئاســتەی بتەقێتەوە، هەر ئەمە وایکرد کابینە وەزاریەکە لاوازبێت.

بــە بڕوای من ئەم کابینە وەزارییــەی د. مالکی لە ماوەی ســاڵێك و چەند مانگــی رابردوودا بە تــەواوی ئەندامەکانیەوە نەیتوانییوە چارەسەری پێویست بۆ کێشەکان بدۆزێتەوە، هەر بۆیە کە ئێســتا ١٣-١٤ وەزیری دەستی لە کارکێشاوەتەوە " مەبەستم ٦ وەزیری تەیاری سەدری+ ٦ی بەرەی تەوافق+ وەزیری داد هاشم شبلی سەر بە لیســتی ئەلعراقیەیە". کەلێنێکی گەورەی دروســت کردووە و کێشــەکان زیاتر دەبن نەك کەمتر، ئێستا باس لەوە دەکرێت دەڵێن لیســتی ئەلعراقیەش دیراسەتی بارودۆخەکە دەکات تــا بزانن لەناو کابینە وەزاریەکە بمێننەوە یاخود ئەوانیش بکشێنەوە، هەر بۆیە بە دیدی من تەنگوچەڵەمەکان زیاتر دەبن و کێشەی زیاتریش دروست دەبێت، نەك کێشەکان چارەسەر بکرێن"

### تاریق هاشمی و د.مالکی وەك پێویست بە قسەی سەر کۆمار ناکەن

بــۆ هێورکردنــەوەی ئەم بارودۆخــە بەڕێز جــەلال تاڵەبانی سەرکۆماری عێراق پێشنیاری کردووە کە ئەنجومەنی سیاسی کۆبێتەوە و لەو کۆبوونەوەیەشــدا بەڕێز تاریق هاشــمی جێگری سەرکۆمار و ســەرۆکی پارتی ئیســلامی ئامادەبن بۆ ئەوەی ڕێگەچارەیــەك بۆ ئەو تەنگژەیە بدۆزرێتەوە، بەڵام وەك دەرکەوت بەڕێز هاشــمی ئامادەی ئەو کۆبوونەوەیە نەبوو، بۆیە بڕیارە لە چەند رۆژی داهاتوو یان لە هەفتــەی داهاتوو کۆبوونەوەیەکی فراوان گرێبدرێت بۆ چارەسەرکردنی ئەم بارودۆخە.

ســەبارەت بە ئامادەنەبوونی تاریق هاشــمی لەو کۆبوونەوەیە، بەڕێز د. مەحمود گوتی:

"بەڕاستی وەك دەردەکەوێت بەڕێزان د. مالکی و تاریق هاشمی وەك پێویست بە قسەی سەرکۆماریان نەکردووە، بۆ چارەسەرکردنی ئەم مەسەلەیە چەندین هەوڵ هەیە لەوانە: سەرکۆمار لە هەوڵدایە، عەبدولعەزیز حەکیم لە هەوڵدایــە، هەروەها ئەمەریکییەکانیش، بەڵام بە بۆچوونی من ئامادەنەبوونی تاریق هاشــمی پەیوەندی بــە کۆبوونەوەکەی پێشــترەوە هەیــە، دوو هەفتە پێش ئێســتا کۆبوونەوەیەکی دیکە ئەنجامدرا لەو لیژنەیەی پێی دەڵێن ٣+١ "واتە سەرکۆمار و دوو جێگرەکەی لەگەڵ د. مالکی" دوای ئەم کۆبوونەوەیە تاریق هاشــمی گوتی: "کۆبوونەوەکەمان سەرکەوتوو نەبووە، لەبەر ئەوە من جارێکی دیکە لەو کۆبوونەوانە بەشدار نابم" بەڕای من هەر ئەمە هۆکاری ئامادەنەبوونەکەی بووە.

ســەبارەت بە بەردەوامــی هەوڵەکان بۆ چارەســەرکردنی ئەم کێشــەیە پەرلەمانتار د. مەحمود گوتــی: "بێگومان هەوڵەکان بەردەوامن پێش چەند رۆژێك گوتیان بەڕێز کاك مسعود بارزانی دەچێت بۆ بەغدا بەڵام وا دەرنەچوو، بەڵام لە چەند رۆژی داێ کۆبوونەوەیەکــی فراوان گرێدەدرێت و بڕیار وایە کاك مســعود بارزانیش ئامادەبێت، بەڕای من کە بە جەنابی کاك مسعودیشــم گوتــووە، ئەگەر بەرنامەیەکی ڕێکوپێك نەبێت، بۆ بەغدا نەچێت باشترە و سوودی نییە.

بــەڵام وەك دەزانن لەم یەکدوو رۆژەدا زەحمەتە ئەو کۆبوونەوەیە گرێبدرێت رۆژانی ســێ شەممە و چوارشــەممەش د. مالکی دەچێتە تورکیا و ئێران، هەر بۆیە پێموایە ئەو کۆبوونەوەیە دەکەوێتە هەفتەی داهاتوو من پێم باشــترە هــەر هەفتەی داهاتووش ئەو کۆبوونەوەیە گرێ بدرێت، بۆ ئەوەی بکەوێتە دوای سەردانەکەی مالکی بۆ تورکیا و ئێران.

### ئەمەریکییەکانیش سەریان لێ تێکچووە

ئیــدارەی ئەمەریکی بەم ئاڵۆزییەی لە پرۆســەی سیاســی عێراقدا دروست بووە زۆر نیگەرانە، هەر بۆیە رۆژانە بە ڕێگەی ڤیدیۆ ســەتەلایت سەرۆك بوش چاوی بە د. مالکی دەکەوێت و بەپێی لێدوانی ئەوانەی لە نزیکەوە ئاگاداری ئەو کۆبوونەوانەن، د. مالکی بەڵێنی بە ســەرۆك بوش داوە کە وێڕای کشــانەوەی لیستی تەوافق لە حکومەت، بەڵام کۆبوونەوەکان درێژیان دەبێت سەبارەت بەم هەوڵانەی ئەمەریکا د. مەحمود گوتی:"بەڕای من ئەمەریکییەکانیش لەم بارودۆخەدا تارادەیەك دەتوانم بڵێم سەریان لێ تێکچووە و سەریشــیان لە خەڵکی دیکە تێکداوە، بەراستی گوێبیســتی لێدوانی جیاواز و سەیر دەبین هەر بۆ نموونە، بوش تەلەفــون لەگەڵ مالکی دەکات و پشــتیوانی خۆی بۆ دووبارە دەکاتــەوە، بەڵام هەر هەمان رۆژ واتــە رۆژی هەینی رابردوو، رۆبــەرت گێتس وەزیری بەرگــری ئەمەریکا دوای گەڕانەوەی لە گەشــتەکەی بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لە لێدوانێکیدا بێ ئومێدی خۆی بەرامبەر حکومەتی مالکی نیشاندا، هەروەها بێ ئومێدی سەبارەت بە بارودۆخی سیاسی عێراق پیشاندا.

بە داخەوە لێدوانەکانی ئیدارەی ئەمەریکی یەکناگرنەوە و لەبەر ئەوەی ســەریان لێ تێکچووە ئاماژەی جیــاواز بۆ بارودۆخەکە پیشاندەدەن و لە ژێریشــەوە هەوڵەکانیان بەو ئاراستەیە و زۆریش لایان گرنگە تەوافق بگەڕێتەوە ناو حکومەت، بەڵام گەڕانەوەی بــەرەی تەوافقیش بــۆ ناو حکومەت کۆمەڵێــك مەرجی هێندە گرانیــان داناوە کە زۆر لەو مەرجانە گرانترە کە بۆ کشــانەوەیان

●●●
**هەر لە بنەڕەتەوە کە حکومەتەکەی د. مالکی دامەزراوە لەسەر بناغەیەکی راست دروست نەبووە**
●●●

●●●
**ئەم کابینە وەزارییەی د. مالکی لە ماوەی ساڵێك و چەند مانگی رابردوودا بە تەواوی ئەندامەکانیەوە نەیتوانییوە چارەسەری پێویست بۆ کێشەکان بدۆزێتەوە**
●●●



●●●
**پێموایە تەنگوچەڵەمەکان زیاتر دەبن و کێشەی زیاتریش دروست دەبێت، نەك کێشەکان چارەسەر بکرێن**
●●●



دایاننابوو هەر بۆیە من وای دەبینم کە گەڕانەوەیان ئاسان نەبێت و مەرجەکان قابیلی جێبەجێکردن نەبن، لە هەمانکاتدا د. مالکی و گرووپەکەشی ئامادەنین ئەو مەرجانە قبوڵ بکەن، لەم چوارچێوەیەدا زۆر زەحمەتە بارودۆخەکە چارەسەر بکرێت.

## بۆچوونی حکومەتی مالکی زیاتر بۆچوونی حزبی دەعوایە

هەموو حکومەتێك کەم تا زۆر بۆچوونەکانی ڕەنگدانەوەی ئەو حزبەیە کە سەرۆك وەزیرانەکەی سەر بەو حزبەیە، هەر بۆیە زۆر کارێکی جێگەی سەرسووڕمان نییە، ئەگەر لە بۆچوونەکانی مالکیدا ئایدیۆلۆژییەتی حزبی دەعوا ڕەنگدانەوەی هەبێت، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرسووڕمانە حکومەت بە تەواوی ڕەنگدانەوەی بۆچوونی ئەو حزبە بێت، ئێستا چاودێران دەڵێن ئەم حکومەتە وەك حزبی دەعوا ڕەفتار دەکات.

د. مەحمود عوسمان لەمبارەیەوە بەمجۆرە بۆ گوڵان ئەم باسەی ڕوونکردنەوە:

"بۆچوونەکانی حکومەتی عێراق بۆچوونی حکومەتی عێراقە، بەڵام زیاتریش هی حزبی دەعوایە، هەر بۆ نموونە ئەو هەڵویستەی حکومەت کە د. عەلی دەباغ وەك وتەبێژی حکومەت لە ١٤ خاڵدا ڕایگەیاند، هیچ وەزیرێك بە وەزیرەکانی ئێمەشەوە نەیانتوانیووە هەر خۆیان کردوویانە، لەبەر ئەوە بۆچوونەکە زیاتر بۆچوونی حزبی دەعوایە.

حزبی دەعوا هەر لەسەرەتاوە کێشەی دیکەشی هەبووە، لە ناو خۆشیاندا دووباڵن، باڵی د. جەعفەری و باڵی د. مالکی، هەرچی باڵی د. جەعفەرییە موزایەدە بەسەر باڵی د. مالکییەوە دەکات، د. مالکیش توند خۆی پیشاندەدات بۆ ئەوەی موزایەدە بەسەر د. جەعفەرییەوە بکات، ئەم موزایەدەو موزایەدە کارییەش بۆتە هۆکاری ئەوەی سیاسەتەکە زیاتر توندوتیژتر بێت.

## پێگەی کورد لەم هاوکێشە ئاڵۆزەدا

هاوپەیمانی کوردستان یاخود هەرێمی کوردستان بەشێکی سەرەکییە لە پرۆسەی سیاسی عێراق، بۆیە ئەم ئاڵۆزییە کاریگەری لەسەر بارودۆخی کوردستان و هەروەها ئەو مەسەلانەش دەبێت کە تائێستا چارەسەر نەکراون وەك مەسەلەی مادەی ١٤٠ و یاسای نەوت و گاز، دەربارەی پێگەی کورد لەم هاوکێشەیەدا د. مەحمود گوتی:

" ئێمە وەکو کورد هەتا ئێستا پشتیوانی لە حکومەتی مالکی دەکەین، بەڵام بەڕای من پێویستە ئێمەش وەکو کورد دیراسەتی ئەو بارودۆخە بکەین، لەبەر ئەوەی کورد چەندین داواکاری هەیەو لە دەستووردا نووسراون و جێبەجێکردنیان زۆر گرنگن، ئەو داوایانە پەیوەندی بە چارەنووسی هەرێمی کوردستانەوە هەیە سنوورەکەی دیاری دەکات، هەروەها لە مەسەلەی ئابووریدا یاسای نەوت و گاز زۆر گرنگە دەبێ حکومەتی هەرێم ئەو دەسەڵاتەی هەبێت بۆ ئەوەی ئابوورییەکی پتەو دابمەزرێنێت و بتوانێت خەڵکەکەی بە خۆشگوزەرانی بژی، هەر بۆیە زۆر گرنگە لە کۆبوونەوەی سەرکردایەتییەکانی عێراقدا کە بڕیارە جەنابی کاك مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستانیش ئامادە بێت، ئەم مەسەلانە یەکلایی بکاتەوەو ئەگەر گەرەنتی تەواوی بۆ جێبەجێکردنی ئەم مەسەلانە وەرنەگرێت، دەبێ کوردیش بیر لەوە بکاتەوە ئەم وەزارەتانە بەجێبهێڵێت، باشە پرسیار لێرەدا ئەوەیە، ئەگەر کورد نەتوانێت ئەم مەسەلانە جێبەجێ بکات لە ناو کابینەی حکومەتی عێراقدا چی دەکات؟ ئێمە ئێستا کە لە کابینەکە بەشدارین، لە هەموو کارێکی سلبی کە دەیکەین بەشدارین، هەربۆیە ئەگەر دەسکەوتمان نەبێت بۆ لەو کارە خراپانەدا بەشداربین بۆیە زۆر پێویستە کوردیش چاو بە سیاسەتی خۆیدا بخشێنێتەوەو ئیدی نابێ بێ بەرامبەر بەشداری هیچ وەزارەتێك بکات.

## ڕێگە چارەکانی دوای کشانەوە لە حکومەتی عێراق

ئەگەر کشانەوە بۆ بەرەی تەوافق و تەیاری سەدر کارێکی زۆر ئاڵۆز نەبێت، ئەوا بۆ هاوپەیمانی کوردستان کارێکی هێجگار ئاڵۆزە لەبەر ئەوەی ئەلتەرناتیڤی دوای کشانەوە بڕیارێکی قورسەو بە ئاسانی جێبەجێ ناکرێت هەر بۆیە کاتێك باس لەوە دەکرێت کورد لەو کابینە وەزارییە بکشێتەوە دەبێ ڕێگەچارەکانی دیکە لەبەرچاو گیرابن.

سەبارەت بەم مەسەلەیەش د. مەحمود عوسمان گوتی:

"من کە دەڵێم پێویستە کورد کشانەوە ڕابگەیەنێت، مەرج نییە بکێشێتەوە، بەڵام کە ئێمە داوایەکمان هەبوو جێبەجێ نەکرا، دەبێ بڵێین ئێمە بەشدار نابین هەتا هەندێك شت نەگۆڕدرێت، دەبێ ئێمەش هەندێك مەرجمان هەبێت هەر بۆ نموونە ئەگەر کابینەیەکی تازە پێکهات یا کابینە تازەکەش هەر د. مالکی سەرۆك وەزیران بێت، دەبێ بزانین چۆن بەشدار دەبین و دەبێ ئەو کارتەیان بەدەستەوە بێت بۆ ئەوەی پێی لەسەر دابگرین ئێمە نامانەوێت ئەم بارودۆخە تێك بچێت، بە پێچەوانەوە کورد هەوڵدەدات ئەو لایەنانە ڕێکبکەونەوە بێنەوە ناو حکومەت، بەڵام نابێ مەسەلە گرنگەکانی خۆشمان لە بیر بچێتەوە و دەبێ پێ دابگرین بۆ ئەوەی داواکانی ئێمەش جێبەجێ بکرێن وەك مادەی ١٤٠ و یاسای نەوت و گاز بۆیە پێویستە پێش کۆبوونەوەی سەرکردایەتی عێراق، دەبێ کورد بەرنامەیەکی یەکلاکەرەوەی پێ بێت، من لەو بڕوایەدام کاتێك سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەچێت بۆ بەغدا بیری لەم مەسەلانە کردۆتەوەو خۆشی هەر بەم شێوەیە بیردەکاتەوە.

## سەردانی مالکی بۆ تورکیاو ئاسایشی سنوور

سەردانی د. مالکی بۆ تورکیا و ئێران بەشێکی دیکەی ئەو بەرنامەیەی حکومەتی ئەمەریکایە کە داوای لە د. مالکی کردووە پەیوەندییەکانی لەگەڵ دەوڵەتانی هاوسێی عێراق باشتر بکات، بەڵام سەردانی تورکیا سەردانێکی گرنگەو پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە کێشەی پەکەکەو سنووری هەرێمی کوردستان و تورکیاوە هەیە دەربارەی ئەم سەردانە د. مەحمود گوتی:

"بێگومان مەسەلەی گرنگ لەم سەردانەی مالکی مەسەلەی پەکەکەیەو یەکێکە لە خاڵە گرنگەکانی ئەم سەردانە، بۆیە لە حکومەتی تورکیاو حکومەتی عێراق لایەنی ئەمەریکییش لەو کۆبوونەوانەدا بەشدار دەبن و بەڕای من پێویستە نوێنەری هەرێمی کوردستانیش لە ناو ئەو شاندە بێت کە لەگەڵ د. مالکی دەچێتە تورکیا، من ئومێد دەخوازم لەگەڵ شاندەکەی د. مالکی نوێنەری هەرێمی کوردستانی تێدا بێت بۆ ئەوەی لەکاتی کۆبوونەوەکەشدا ئاگاداربێت و ڕای خۆی هەبێت.

سەبارەت بە ئەگەری گرێدانی ڕێکەوتنێك لە نێوان حکومەتی تورکیاو حکومەتی عێراق بێ ئاگاداری هەرێمی کوردستان د. مەحمود گوتی:

"حکومەتی عێراق ناتوانێت بەبێ ئاگاداری هەرێمی کوردستان ڕێککەوتن لەگەڵ تورکیا ئیمزا بکات لەسەر مەسەلەی پەکەکە، لەبەر ئەوەی ڕێککەوتنی پێشتر لە نێوان حکومەتی مالکی و هەرێمی کورستاندا هەیە".

•••

**بە جەنابی کاک مسعودیشم گوتووە، ئەگەر بەرنامەیەکی ڕێکوپێک نەبێت، بۆ بەغدا نەچێت باشترە و سوودی نییە**

•••

•••

**دەبێ پێ دابگرین بۆ ئەوەی داواکانی ئێمەش جێبەجێ بکرێن وەک مادەی ١٤٠ و یاسای نەوت و گاز بۆیە پێویستە پێش کۆبوونەوەی سەرکردایەتی عێراق، دەبێ کورد بەرنامەیەکی یەکلاکەرەوەی پێ بێت**

•••